# ئازادی ئەمرۆ لە بەرهەمی قڕکردنی نەتەوەیەکدایە..!

هەورامان محەمەد
Hawraman976@yahoo.com

دوا بەدوای پیلانە شوومەکەی نێوان "عێراق و جەزائیر و ئێران" لە پێناو کوژانەوەی بەرگریکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد و شۆڕشەکەی کە بە ئیمزاکردن و تەسلیم بوونی دەسەلاتی بەعس بۆ ئێران بەرامبەر بە بەشێك لە ئاوی دەریاچەی عەرەب و تەپۆلکەی گەورە و تەپۆلکەی بچووك بەخەیاڵی خۆی رزگاری دەبێت لە خەباتی گەلی کورد کۆتایی پێهات!

بەلام هەروەك لە مێژووی دەسەلاتی هەموو دیکتاتۆرێکدا ئاشکرابووە کە هەمیشە نەخشەو پلانی ئەو جۆرە دەسەلاتانە بەرامبەر بە خۆڕاگری شۆڕشگێڕاندا سەرکەوتوو نەبووە!

ئەوەبوو هەر دوابەدوای ئەو غەدر و خیانەتانەی کە دەرهەق بەرامبەر بە مێژووی چەوساندنەوەی ئەم گەلە کراوە بە چاوی خۆمان قوناغ بە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی بەرژەوەندیەکانی هەرسێ دەوڵەتمان لە ناوچەکەدا بینی!

بەلام دەسەلاتی بەعس هەرگیز لە بڕوای دانەبوو کە جارێکی تر گەلی کورد بتوانێ لە سەر پێی خۆی رابوەستێ و گیانی بە رەنگاری و خەباتی لەبەرچاوی جیهان و ناوخۆیدا سەر هەڵبداتەوە, کە ئەم لێکدانەوەیەش دووبارە بەهەڵەدا چوون و بوغرایی و سەر لێشێواوی و گەیشتنە ترۆپکی دیکتاتۆریەتی بەعس بوو لە ناوچەکەدا.

هەر بۆیە لە ساڵی (1976) وە بە شێوازێکی دیکە و بیروباوەڕی جیاوازتر و هەمەلایەنە گەلی کورد هاتەوە کۆڕی خەبات و هەرچی سەنگەرە چۆڵکراوەکانی سەردەمی غەدر و خیانەت هەیە بە نێرگزە جاری پارتیزانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پڕبووەوە و تا دەهات داستانەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر تۆمار دەکران دژی دەسەلاتی چەوساندنەوەی بەعس.

هەر ئەو بەردەوامی خەباتی پارتیزانانەی گشت لایەنەکان بوو کە سەر لێشێواوی و بێ هێزی لە دەسەلاتی بەعسدا بەرامبەر بەردەوامی خەباتی گەلی کورد دەبینرا!

بۆیە دەسەلاتی بەعس بۆ خۆدەربازکردن لەو بێ هێزیەی خۆی بە ناچاری پەنای بردە بەر دوایین هەنگاو ئەویش هەنگاوی قڕکردن و جینۆسایدە، کە ئەم هەنگاوەی دیکتاتۆریش لە دوو فەرهەنگەوە بەرامبەر بەگەلی کورد پیادە کرا:

یەکەمیان: لە رووی ئەو دەقە قورئانییەوە، بەلام بەفکرێکی بۆگەنی شۆڤێنی عەرەبییەوە بەرامبەر بە کورد بەکاری هێنا.

دووەمیان: هاوردەی عەقڵی کۆنی وولاتە کۆمۆنیزمەکان کە ئەوان شارەزاییەکی تەواویان هەبوو لە شێواز و جولانەوەی خەباتی پارتیزانیدا و بۆ کۆنترۆڵکردنی جوگرافیای خەباتی پارتیزانەکان بۆ ئەوەی چیتر نەتوانن لە خەبات بەردەوام بن!

هەموو ئەم نەخشە و پلاننانەش لەلایەن دەسەلاتی بەعسەوە بەرامبەر بەخەبات و تێکۆشانی گەلی کورد هاوکێشەیەك بوو کە کردییە سفر و مێژووی سەرکەوتنی ئەم گەلەش بووە واقیعێکی مێژوویی حەتمی وەك گەلانی دیکەی چەوساوە!

بەلام گرنگ ئەوەیە بتوانین کە هەمیشە لە نەخشەو بیرکردنەوەماندا بێت کە چۆن ئەم رزگاری و ئازادییە بپارێزین و هەرگیز هەوڵ نەدەین مێژووی ئەم قڕکردنی نەتەوەیە نەکەینە حیزبی, چونکە ئەم مێژووە مێژووی نەتەوەیە نەك حیزب!

هیوادارییشم ئەو هێمای قڕکردنە لە ژووری هەموو سەرکردەی حیزب و دەزگا حوکمی و ئیدارییەکاندا بەگشتی لە سەرووی خۆیاندا هەڵبواسن, چونکە ئەم هێمایە زۆر گەورەترە لە هێمای تاکە کەسێکی سەرکردەیەك, چونکە هەر ئەو گوتەیە راستە کە دەڵێ: هەمیشە گەل سەرکردە دروست دەکات نەك پێچەوانەکەی, و ئەم رزگاری و ئازادییەی ئەمرۆش هەمووی بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە, نەك سەرمایەی ئەم سەرمایەدارنەی ئەمرۆی ناو حیزبەکان!!.